# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە: ٦٢ - ٢٠٢٥

گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیی وەرزییە

**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار**

حەمەسەعید حەسەن

**سەرنووسەر**

پ.د. کاروان عومەر قادر

**بەڕێوەبەری نووسین**

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

**دەستەی نووسەران:**

پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
پ.د. بەختیار سەجادی
پ.د. فەرهاد قادر کەریم
پ.ی.د. ئەحمەد محەمەد مام عوسمان
پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

**دەستەی ڕاوێژکاران:**

پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
پ.د. مارتن ڤان برونسن
پ.د. جەلیلی جەلیل
پ.د. سالڵح ئاکین
پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
پ.د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە | ISSN: ٢٥٢٠ - ٤١٠٦ | http;//gov.krd/ka

**گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی**

**هەڵەچنی:** دیاكۆ هاشمی و پ. د. دانا ئەحمەد

**ڕێكخەری كاروباری گۆڤار:** ئیمان نەجات

**بەرگ و دیزاین:** ئومێد محەممەد

**ماڵپەڕی گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی:**

http://journal.kurdish-academy.dev.krd

**ئیمێڵ:** journal@ka.gov.krd

**موبایل:** ٠٧٥٠٨٣٧٥٥٧٥

**چاپ:** چاپخانەی كارۆ، سلێمانی ٢٠٢٥

## پێڕست


**جوانیناسی لە هۆنراوەی منداڵاندا..........................................٥**

کاروان عەلی محەمەد - پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر - پ.ی.د. سالار عوسمان حوسێن

**جوانکاریی واتایی لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵڵا بەگی (میصباح الدیوان)(ئەدەب)دا.....٢٣**

علی مصطفی توفیق

**کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا........................٣٩**

د.عادل محەممەد کەریم - پ.ی.د.چیایی کمال سعدی

**هاوسەرگیریی بەسەروەری لە دابونەریتی کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستاندا...............٥٧**

د. حبیب مصطفی ابراهیم - پ.ی.د رضوان شریف صالح

**شەو لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا..........................................................٧٣**

پ.ی.د. سروشت جەوهەر حەوێز - پ.ی.د. لقمان ڕەئوف

**بیناسازیی قشڵەی گوێڕ لە سەردەمی عوسمانی.........................................٩١**

م.ی حسین رفیق حسن

**زمانی ڕەنگەکان لە بواری دەروونناسیدا.................................................١١١**

م.ە- م عبدالستار نعمت آلیخانزانکۆی - پ.هـ ـم. کاوە طاهر ظاهر

**(التخطيط الاستراتيجي لإعادة تنظيم البيشمركة في بادينان)..............................١٢٥**

هيام حاجي أحمد

**لمحات من ثقافات العصرين الحجري النحاسي وما قبل الكتابة في الجزيرة السورية.....١٣٧**

أ.د. نعمان جمعة إبراهيم - عمر حسين شريف

**الانعكاسات الاجتماعية لعدم الالتزام بالقوانين المرورية في مدينة أربيل..................١٥٥**

م.م. أميد عبدالمجيد قادر - أ.د. عبدالحميد علي سعيد البرزنجي

**مؤلفات كتبت لسلاطين وملوك الأيوبيين..................................................١٧١**

أ.م د. لولاڤ مصطفى سليم

# جوانکاریی واتایی له‌ شیعره‌ کوردییه‌کانی عه‌بدوڵڵا به‌گی (میصباح الدیوان)(ئه‌ده‌ب)دا

## ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌ به‌شێکی هه‌ڵێنجراوه‌ له‌ نامه‌ی ماسته‌ر

**علی مصطفى توفیق**

**زانکۆ/کۆلێژ/به‌ش: زانکۆی سه‌لاحه‌دین/ کۆلێژی په‌روه‌رده‌/ به‌شی کوردی.**

Email: ali.tawfeeq@su.edu.krd

**پوخته‌**

جوانکاریی واتایی گرنگی به‌ لایه‌نی جوانیی واتای وشه‌ و ده‌ربڕینه‌کان ده‌دات، که‌ مه‌به‌ست لێی ئه‌وه‌یه‌ جوانکردنه‌که‌ به‌زۆری بۆ واتا ده‌گه‌ڕێته‌وه‌، چونکه‌ مه‌به‌ست له‌م جوانکارییه‌ جوانکردن و باشکردنی واتا و پیشاندانی واتایه‌کی قووڵ و چێژبه‌خش و سه‌رنجڕاکێشه‌. جوانکاریی واتایی له‌ دیوی ناوه‌وه‌ی وشه‌کاندا ڕوو ده‌دات، ئه‌مه‌ش به‌هۆی هونه‌ره‌کانی جوانکاریی واتاییه‌وه‌، ئه‌م ڕازاندنه‌وه‌یه‌ ئه‌نجام ده‌درێت. جوانکردنه‌که‌ش له‌ ئاستی واتادا بۆ ئه‌وه‌یه‌ ده‌قه‌ شیعرییه‌که‌ له‌ لایه‌که‌وه‌ مانایه‌کی جوان و به‌هێز و قووڵی هه‌بێت و له‌ لایه‌کی تریشه‌وه‌ جۆرێک له‌ شیعرییه‌ت به‌ زمانه‌که‌ ببه‌خشێت. ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌، به‌ ناوی (جوانکاریی واتایی له‌ شیعره‌ کوردییه‌کانی عه‌بدوڵڵا به‌گی میسباحولدیوان (مصباح الدیوان) (ئـه‌ده‌بـدا))، هه‌وڵێکه‌ بۆ خستنه‌ڕووی ئه‌و هونه‌ره‌ جوانکارییانه‌ی له‌ ئاستی واتادا سیمایه‌کی جوانکاری و هونه‌ری و سه‌رنجڕاکێشیان به‌ شیعره‌کانی (ئه‌ده‌ب) دا داوه‌. بۆیه‌ ئامانجمان ئه‌وه‌یه‌ که‌ له‌ ڕوانگه‌ی ڕێبازی وه‌سفییه‌وه‌ سیما جیاوازه‌کانی جوانکاریی واتایی له‌ میانه‌ی هونه‌ره‌ جوانکارییه‌ جیاوازه‌کانی تایبه‌ت به‌ ئاستی واتا بخه‌ینه‌ ڕوو. توێژینه‌وه‌که‌ له‌ دوو به‌ش پێک هاتووه‌. له‌ کۆتاییشدا ئه‌نجامه‌کانی توێژینه‌وه‌که‌ و لیستی سه‌رچاوه‌کان و پوخته‌ی توێژینه‌وه‌که‌ به‌ هه‌ردوو زمانی عه‌ره‌بی و ئینگلیزی خراوه‌ته‌ ڕوو.

**کلیله‌وشه‌:** ڕه‌وانبێژی، جوانکاریی واتایی، دژیه‌ک، تیلنیشان، پێچان و کردنه‌وه‌.

## پێشەکی

ڕەوانبێژی هونەری دەربڕینە و پانتاییەکی فراوانی لە دەقە شیعرییە کۆن و تازەکان داگیر کردووە. لەناو بەشەکانی ڕەوانبێژیش (جوانکاری) یەکێکە لەو زانستانەی کە زۆر بەربڵاوە. هونەرەکانی جوانکاریش لە دوو ئاستی سەرەکی پێک دێن کە شیعرەکانی ئەدەبیان جوان و بەپێز و پڕ واتا کردووە. ئەم دوو ئاستەش جوانکاریی وشەیی و جوانکاریی واتایین. ئەوەی لەم توێژینەوەیە جەختی کراوەتە سەر، جوانکاریی واتاییە. جوانکاریی واتایی کار لەسەر جوانکردنی دەربڕینەکان و مانای وشەکان دەکات، بە جۆرێک خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکاندا بەهۆی هەبوونی ئەو جوانکارییە واتاییەی کە شاعیر بەکاری هێناوە، هەست بە گرنگیپێدانێکی زۆر دەکات بۆ دەقەکە.

# ١. بەشی یەکەم

### ١.١. ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (جوانکاریی واتایی لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵڵا بەگی (میصباح الدیوان) (ئەدەب)دا).

### ١.٢. گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعرەکانی (ئـەدەب)دا، وەک گرفتێک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و هەوڵ دراوە سیما جیاوازەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعرەکانی (ئەدەب)دا بخرێنە ڕوو. هەروەها جیاوازیی بیروبۆچوونی نووسەران دەربارەی زاراوە ڕەوانبێژییەکان و یەکنەبوونیان لە ڕووی بەکارهێنانی یەک زاراوە بۆ هەندێک هونەری جوانکاریی واتایی، یەکێکی تر بووە لە گرفتەکان.

### ١.٣. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

١. تاکوو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی زانکۆیی وەک ناونیشانێکی تایبەت لەسەر هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لای (ئەدەب) نەکراوە.

٢. بوونی ئەو هەموو هونەرە جوانکارییانەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە، وای لێ کردین کە توێژینەوەکەمان تایبەت بکەین بەم باسە.

### ١.٤. سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستە. سنووری توێژینەوەکە بەکارهێنانی هونەرەکانی جوانکاریی واتاییە، لەگەڵ شیعرە کوردییەکانی ئەدەبدا. کەرەستەی بەکارهاتووش بریتییە لە چەند سەرچاوە و توێژینەوەیەکی زانستی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارەکە.

### ١.٥. گرنگیی توێژینەوەکە:

جوانکاریی واتایی بە یەکێک لە ڕووکارە گرنگەکانی ڕەوانبێژی دادەنرێت و ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئاستی زمان لە زمانێکی ئاساییەوە بۆ زمانێکی ئەدەبیی بەرز و بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی دەقی شیعریدا هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە لە مەسەلەی جوانکردن و ڕازاندنەوە و ڕوونکردنەوەی مەبەست و واتای شیعری و چێژبەخشین و سەرنجڕاکێشانی وەرگردا بایەخی زۆری هەیە، بۆیە لە شیعری کلاسیزمی کوردیدا ئەم هونەرە جوانکارییە واتاییانە بەفراوانی بەکار هێنراون. ئەم هەوڵەی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئەوەیە، کە گرنگی و بایەخ و ڕۆڵی ئەم هونەرە جوانکارییە واتاییانە لە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعریی شیعرەکانی شاعیر و ڕۆڵیان لە بونیادی شیعرەکانیدا بخەینە ڕوو. هەروەها دەتوانرێت گرنگییەکی تری توێژینەوەکە لەوەدا دیاری بکرێت، کە بۆشاییەک لە کەمیی توێژینەوە دەربارەی شیعرەکانی (ئەدەب) پڕ دەکاتەوە.

### ١.٦. ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، پشتمان بە سیماکانی ڕێبازی وەسفی بەستووە و هەوڵمان داوە یەکێک لە دیاردەکانی ڕەوانبێژی لە چوارچێوەی جوانکاریی واتاییدا لە شیعرەکانی (ئەدەب)دا بخەینە ڕوو.

### ١.٠٧. پرسیاری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ئەم شاعیرە تا چەند سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعرەکانیدا.

### ١.٠٨. پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو:

توێژینەوەکان لە ڕواڵـەت و ناونیشانیاندا وا دەردەکەون کە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، بەڵام لە نـاوەڕۆک و لایەنی پراکتیکییەوە بەتـەواوی لە یەکتر دوورن، چونکە کەرەستەی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە شیعرە کوردییەکانی (ئەدەب)ە. بۆیە بە پێویستی دەزانین بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی بەکورتی هەندێک ڕوونکردنەوە بخەینە ڕوو. وەک دەزانین جوانکاری بە هەردوو بەشەکەیەوە زانستێکی فراوانە و لە چەندین لێکۆڵینەوەی تردا بە شێوەی جیاجیا باس کراوە. لەناو توێژینەوەکانی تردا وەک بەشێک، یاخود بە چەند تەوەرەیەک باسی جوانکاریی واتایی و بەشەکانی کراوە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە جوانکاریی واتایی لە شیعرە کوردییەکانی ئەدەب. ئـەوەش ڕاستـە کە لـە ڕووی چەمک و زاراوە و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ئەم زانستە، تا ڕاددەیـەک لێکچوون لە ڕووی تیۆرییەوە لەنێوان توێژینەوەکاندا هەیە. بـەڵام ئێمە هەوڵمان داوە زیاتر سـوود لەوە سەرچاوانە وەربگرین کە بە جیاوازتر باسی ئەم بابەتەیان کردووە و دید و بۆچوونی خۆشمان لە ڕوانگەی خۆمانەوە بۆ بابەتەکە بخەینە ڕوو. هەرچی کە پەیوەندیی بە لایەنی پراکتیکییەوە هەیە، بابەتێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیە و گرنگترین ئامانجیش لەم توێژینەوەیە، پەیوەستە بە لایەنی پراکتیکییەوە.

بەهۆی سنووردارێتی توێژینەوەکە بەکورتی ئاماژە بە هەندێک لەو توێژینەوانە دەکەین، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە جوانکاریی واتاییەوە هەیە. لەوانە:

– مەریوان حوسێن فەرحان (٢٠١٤)، جوانکاری لە شیعری (وەفایی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

– زانا یاسین عوبێد (٢٠١٦)، هونەری جوانکاری لە شیعری (حەمدی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین.

– بەهار عەبدولجەبار جامی (٢٠١٦)، هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانی عەونیدا. نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

– ئامینە یاسین محەممەد (٢٠٢٠)، جوانکاری لە شیعرەکانی (سـەلام)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

ئەم ناوانەی سەرەوە هەر یەک و بەجیا بەشێکی نامەکەیان بۆ جوانکاریی واتایی تەرخان کردووە. هـەروەهـا هـەر یەکەیان سوودیـان لە سـەرچاوەی جیاواز وەرگرتووە و بە شێوازی خۆیان نامەکەیان نووسیوە. جگە لەمانە لە هەندێک توێژینەوەی تریشدا بەکورتی باسیان لە جوانکاریی واتایی کردووە و لە خوارەوە ئاماژە بە ناوەکانیان دەدەین، بۆ نموونە:

– نەوزاد ئەحمەد عوسمان (نوزت احمد عثمان) (١٩٩١)، ڕەوانبێژ لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نموونەی (مـەلای جزیری و نالی)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

– عەبدولسەلام سالار عەبدولڕەحمان (٢٠٠٠)، هـونـەری ڕەوانـبـێـژی لـە شیعری (نـالـی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

– حەسەن عەلی عومەر (٢٠١٩)، ڕەنگدانەوەی ڕەوانبێژی لە هـەردوو چامەکەی (نالی و سالم)دا، (مجله جامعه كركوك للدراسات الانسانيه)، بەرگی: ١٤، ژمارە: ١ (المجلد: ١٤، العدد: ١).

خۆشناو عەزیز و مستەفا سەید مینە (٢٠٢١)، هەندێک هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ٨، (٤).

## ٢. بەشی یەکەم:

### ٢.٠١. تەوەری یەکەم: بەشەکانی ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی یەکێکە لەو بابەتە گرنگە ئەدەبییانەی کە بە شێوەیەکی بەرچاو نووسەر و شاعیران پەنای بۆ دەبەن، بۆ ئەوەی ئەو بیر و هەست و سۆزەی کە

لە دەروونیاندایە بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک لە ڕێگەی وشەوە لە ڕستە و دێڕە شیعرەکان بیخەنە ڕوو. «لە ڕەوانبێژیدا پێویستە وشەکان جێی ڕەزامەندی بن و ماناکەش ڕوون بێت، بە جۆرێک ئەگەر شتێکی نادیار هەبوو، ڕوون بکرێتەوە». (القیروانی، ١٩٩١: ٢٤٢). بە واتای ئەوەی ئەگەر دەربڕینێک نادیار بوو بە ئاسانترین شێوە ڕوون بکرێتەوە، بەو مەرجەی ئەو قسەیەی کە دەکرێت قبوولکراو بێت و لەلای وەرگر شتێکی نامۆ نەبێت.

ڕەوانبێژی لە سێ بەشی سەرەکی، یاخود لە سێ زانست پێک هاتووە، ئەوانیش (ڕوونبێژی، واتاناسی، جوانکاری)ن. بەڵام لەبەر ئەوەی کارکردنەکەی ئێمە لەسەر (جوانکاریی واتایی)یە، ئەوا بە پێویستی نازانین کەوا بەدوورودرێژی باس لە دوو زانستەکەی تر (ڕوونبێژی و واتاناسی) بکەین، هەر بۆیە زۆر بەکورتی دەیانخەینە ڕوو.

**٢.١.١. یەکەم: ڕوونبێژی**

ڕوونبێژی بە یەکێک لەو سێ بەشە سەرەکییەی ڕەوانبێژی لە قەڵەم دەدرێت و لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (البیان). مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی شتێکە بە جۆرێک گرفتی تێگەیشتن نەهێڵێت، واتە پەردەی شاراوە لەسەر دەربڕینەکان ڕادەماڵێت و خوێنەر بە تێگەیشتنی تەواو و ڕاست دەگەیەنێت.

لە ڕووی وشەییەوە «ڕوونبێژی وشەیەکی لێکدراوە، پێک هاتووە لە ئاوەڵناوی (ڕوون) بە واتای پاک و بێگەرد، یاخود ڕوون و بێخەوش، لەگەڵ ڕەگی کاری وتن (بێژ) کە پاشگری (ی)ی چووەتە سەر و بووەتە هۆی دروستکردنی ناوێکی واتایی». (عومەر، ٢٠١٩: ٣٤٤). بەم شێوەیە وشەی ڕوونبێژی وشەیەکی لێکدراوە بە واتای ڕوونی و ئاشکرایی دێت، کە هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نەبێت. «ڕوونبێژی بریتییە لە دەرخستن و ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوە». (جارم، ٢٠٠٧: ٢٦). بە واتای دەرخستنی شتی شاراوە و ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکان.

کەواتە ڕوونبێژی بریتییە لە ڕوونی و ئاشکرایی و دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەی کە لە دەق و نووسراوەکان و دەربڕینەکان بوونیان هەیە.

**٢.١.٢. دووەم: واتاناسی**

واتاناسی زانستێکە گرنگی بە واتا و ناوەڕۆکی دەق دەدات، واتە گرنگی بەو واتایە دەدات کە لە دەقێکدا هەیە، یاخود ئەو زانستەیە لە پەیوەندیی نێوان وشە و واتا دەکۆڵێتەوە.

لە ڕووی پێکهاتەی وشەییەوە لە وشەی (واتا) لەگەڵ ڕەگی چاوگی (ناسین) کە (ناس)ە و پاشگری وشەداڕێژی (ی) پێک هاتووە. «بەگشتی واتای ناسین و ناساندنی واتا و لێکدانەوەی واتا دەگەیەنێت، کە ڕوونی و ئاشکرایی هەبێت». (فەرحان، ٢٠١٤: ٢١). واتە لە ماناکان تێ بگەی و ماناکانیش ڕوون بکەیتەوە.

کەسی قسەکەر بەبێ هەڵە قسە بکات، بۆ ئەوەی واتاکە بەتەواوی بگاتە لای گوێگر. گومان لەوەدا نییە کە هەر تاکێک ڕۆژانە پێویستی بەو زانستەیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جوان و کاریگەر مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری بکات و لە واتا و دەربڕینەکان تێ بگات، و خودی کەسەکەش واتا و دەربڕینی جوان دروست بکات.

**٢.١.٣. سێیەم: جوانکاری (علم البدیع)**

جوانکاری بە یەکێک لە سێ بەشە سەرەکییەکانی زانستی ڕەوانبێژی لە قەڵەم دەدرێت، کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (البدیع)، ئەو زانستەیە کە لەسەر ئاستی وشەدا گرنگی بە جوانکردن و ڕازاندنەوەی وشە دەدات، هەروەها لەسەر ئاستی واتاشدا، گرنگی بە ڕوونی و ئاشکرایی و جوانیی گوزارشتکردنەکان دەدات.

هەرچی وشەی (جوانکاری)ی زمانی کوردییشە ئەوا ناوێکی واتاییی نسادەیە، بە واتای «ڕازێنەرەوە، بووک جوانکەر، دەستڕەنگین، بە هونەر دێت». (هەژار ١٣٦٩: ١٩٥). بەگشتی مەبەستی جوانکردنە. هەروەها « جوانکاری دەربڕینێک و ڕازاندنەوەیەکی ئەدەبییە

که زمانی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ شیعر». (وەحیدیان ۱۳۹۳: ۷). بەهۆی هونەرەکانی جوانکارییەوە قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانە دەگۆڕین بۆ دەقی شیعری.

کەواتە جوانکاری یەکێکە لە سێ بەشە سەرەکییەکانی زانستی ڕەوانبێژی کە لە زمانی عەرەبی پێی دەوترێت (البدیع)، جوانکاری بە شێوەیەکی گشتی گرنگی دەدات بە جوانکردن لە دوو لایەنەوە، لەسەر ئاستی وشە و لەسەر ئاستی واتا، کەواتە جوانکاریی وشەیی گرنگی دەدا بە جوانکردنی وشە لە دیوی دەرەوە، جوانکاریی واتاییش گرنگی دەدات بە جوانکاری لە دیوی ناوەوە.

### ٢.٢. تەوەرەی دووەم: بەشەکانی جوانکاری

ئاشکرایە کە جوانکاری لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە، ئەوانیش (جوانکاریی وشەیی و جوانکاریی واتایین)، لە خوارەوە ئەم دوو بەشە ڕوون دەکەینەوە:

### ١.٢.٢. یەکەم: جوانکاریی وشەیی

جوانکاریی وشەیی یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی جوانکاری، هەر وەک لە ماناکەیەوە دیارە ئەو جوانکارییە گرنگی بە جوانیی وشە دەدات لە ڕووکاری دەرەوە «مەبەست لە جوانکاریی وشەیی جوانکردنی دەربڕینە، با هەندێک جار ماناش بەدوای ئەوە جوان بکرێت». ( عەبدوڵڵا ٢٠٠٣: ٩). واتە جوانکردنی ئەو دەربڕینانەی کە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنین.

عەزیز گەردی لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی ئەمانەی خوارەوەی دیاری کردووە:

١- ڕەگەزدۆزی (الجناس).
٢- سەروادار (السجع).
٣- کەرتکردن (التشطیر).
٤- گێڕانەوە (الترديد).
٥- هێنانەوە (التصدير).
٦- پاتکردنەوە (التكرار).
٧- تێکهەڵکێش (التظمين).
٨- پێنج خشتەکی (التخميس).

کەواتە لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی (جوانکاری) ئەم هونەرانەی بۆ جوانکاریی وشەیی داناوە. دواتر نووسەرانی تر کۆمەڵێک هونەری تریان زیاد کردووە و هونەرەکانی جوانکاریی وشەییان فراوانتر کردووە.

### ٢.٢.٢. دووەم: جوانکاریی واتایی

جوانکاریی واتایی گرنگی بە لایەنی جوانیی واتای وشە و دەربڕینەکان دەدات. «ئەوەیە کە جوانکردنەکە تیایدا بەزۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەندێک جار بە واتای جوانکردنی دەربڕینیش دێ، چونکە مەبەست لەم جوانکارییە جوانکردن و باشکردنی مانایە». (العدوس ١٩٩٩: ١٣٢). مەبەستی ناخ و ناوەوەی دەقەکانە، کە بەهۆی هونەرەکانی جوانکاریی واتاییەوە ئەم ڕازاندنەوەیە ڕوو دەدات، جوانکردنەکە بۆ ئەوەیە دەقە نووسراوەکە مانایەکی جوان و بەهێز و قووڵی هەبێت. عەزیز گەردی ئەم جۆرانەی خوارەوەی بۆ جوانکاریی واتایی دیاری کردووە:

١. پێچان و کردنەوە (اللف و النشر).
٢. دژیەک (الطباق).
٣. بەرامبەری (المقابلة).
٤. جێگۆڕین (التبديل).
٥. پۆشین (التورية).
٦. جوانیی بایس (حسن التعليل).
٧. بادانەوە (الرجوع).
٨. ڕاگومکی ئاشنا (تجاهل العارف).
٩. هووشەکاری (المبالغة).
١٠. تێڵنیشان (التلميح).
١١. ڕوونکردنەوە (التفسير).
١٢. کۆکردنەوە (الجمع).
١٣. لێککردنەوە (التفريق).
١٤. دابەشکردن (التقسيم).

ئەمەش چواردە هونەری جوانکاریی واتایین کە عەزیز گەردی لە کتێبەکەی خۆیدا بۆمانی دیاری کردووە. لەپاش ئەم دابەشکردنە نووسەرانی تر بە سوودوەرگرتن لەمانە و سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان، سنووری هونەرەکانی جوانکاریی

واتایییان فراوانتر کـردووە، بۆ نموونە (عەلادین سـەجـادی) لە کتێبی (خۆشـخوانی)دا کە لە ساڵی (١٩٧٨)دا چاپ کراوە، (٣٧) جۆر هونەری جوانکاریی واتـایـی لـەژێر نـاوی (جوانکاریی گـوزارەیـی) ڕیز کردووە، کەواتە وردە وردە هونەرەکان زیاتر بوون. هەروەها (ئیدریس عەبدوڵلا)ش لە کتێبی (جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی)دا کە لە ساڵی (٢٠١٢)دا چاپی کردووە (٣٤) جۆر هونەری جوانکاریی واتایی خستووەتە ڕوو.

## ٠.٣ بەشی دووەم: هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعرەکانی (ئەدەب)دا

جوانکاریی واتایی لە کۆمەڵێک هونەری جۆراوجۆر پێک هاتووە، هەر یەک لە هونەرەکان بە شێوەیەکی جیاواز و کاریگەر دەقە شیعرییەکانی شاعیریان پڕواتا و مەبەستی جوان کردووە. ئێمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هونەرانەی کە لە شیعرەکانی (ئەدەب)دا بەرچاومان کـەوتـووە، ژمـارەیـەک لەو هونەرە جوانکارییانە بە نموونەی شیعریی شاعیر دەخەینە ڕوو.

وەک دەزانین (عەزیز گەردی) لە کتێبەکەی خۆیدا (١٤) جۆری دیاری کردووە، دواتر (عەلادین سەجادی) لە کتێبی (خۆشخوانی)دا ژمـارەی هونەرەکانی بۆ (٣٧) جۆر زیاد کردووە، پاشان (ئیدریس عەبدوڵلا) ش لە کتێبەکانی (١- لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی ٢- جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی ٣- کۆوانەکانی ڕەوانبێژی)دا هەندێک هونەری تری جوانکاریی واتایی باس کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ خستنەڕووی هونەرەکان، بەگشتی سـوودمـان لـە دابەشکارییەکەی (عەزیز گــەردی) وەرگــرتــووە، دوای ئــەوە بـۆ هەندێک هونەری تر سوودمان لە دابەشکارییەکەی (عەلادین سەجادی) وەرگرتووە، هەندێک هونەری تریش کە لەناو شیعرەکانی (ئەدەب)دا بەرچاومان کەوتووە و هەریەک لە (عەزیز گەردی) و (عەلادین سەجادی) باسیان نەکردووە، سوودمان لە دابەشکارییەکانی (ئیدریس عەبدوڵلا) بینیووە.

### ٠.٣.١ تەوەرەی یەکەم: دژیەك (الطباق)

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، بریتییە لەوەی دوو وشە لە ڕووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەکتر بن. لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (الطباق)ی بۆ بەکار دەهێنرێت و لە زمانی فارسییشدا پێی دەگوترێت (تضاد). «بریتییە لەوەی کە دوو وشە یان یەکەی زمانی لە نیشانەی واتاییدا پێچەوانەی یەکتر بن». (حەسەن ٢٠١٠: ٣٨). واتە ئەو دوو وشانە لە ڕووی واتاوە پێچەوانەی یەکترن. «دیاردەیەکی واتاییە، لە زماندا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە ڕوونکردنەوەی واتای وشە لە ڕووی دژیەکی و جیاوازیی مانا». (فەرەج ٢٠١٦: ١١٢). لێرەدا وەکوو دیاردەیەکی واتایی ڕۆڵی هەیە لە ڕوونکردنەوەی واتای وشە دژەکان.

ئەو وشانەی دژیـەک دروسـت دەکـەن بەگشتی دابەشی دوو بەشی سەرەکی دەبـن، دواتـر بەپێی ئەرکی ڕێزمانیی وشەکان چەند جۆرێکیان هەیە، ئێمەش بەپێی ئەو نموونانەی لە شیعرەکانی (ئەدەب) بەرچاومان کەوتووە، جۆرەکانیان دەخەینە ڕوو:

### ١. دژیەکی ئەرێنی (الطباق الایجاب)

ئـەو جـۆرە دژیـەکـەیـە کـە هــەردوو وشـەکـە بە سەربەخۆیی لە فەرهەنگ بوونیان هەیە و لە ڕووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەکترن. «ئەو دوو وشەیەی دژیەکەکە دروست دەکەن، لە ڕووی ڕەگەزەوە هیچ پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، هەر یەکەیان ڕەگەزێکی سەربەخۆیە و لە ڕووی واتاکەشەوە، دژی یەکترن». (عـومـەر ٢٠١٩: ٣٥٤). واتـە لـە فـەرهـەنگ دانـەی سـەربەخۆن، بۆ نموونە:

**هــەردوو هەمدەردین و هــەردوو کوشتەیی تەنیا گوڵێک**
**بۆیە ڕۆژ و شەو لە گوڵشەن، هەمجیواری بولبولم** ل١٤٧

وشـەکـانی (ڕۆژ- شـەو) لـە نیـوەدێڕی دووەم دژیـەکن، هـەردووکـیـان لـە فـەرهـەنگ دوو دانـەی سـەربەخۆن، بەمەش دژیەکی ئەرێنی دروست بووە.

**٢. دژیەکی نەرێنی (الطباق السلب)**

ئەو جۆرە دژیەکەیە کە وشە (ئەرێنییەکە) لە فەرهەنگدا هەیە، بەڵام دژەکەی، کە بەهۆی ئامرازی نەرێکردنەوە دروست بووە، لە فەرهەنگ تەنها بە شێوە ئەرێنییەکەی هەیە و بە شێوە نەرێنییەکە، کە دژەکەیە بوونی نییە. «ئەو دوو وشەیەی دژیەکەکە دروست دەکەن، لە ڕووی ڕەگەزەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و لە فەرهەنگ یەک ڕەگیان هەیە، پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندییەکی دروستکراوە و لە ڕووی واتاکەشەوە، دژی یەکترن». (عومەر ٢٠١٩: ٣٥٤). واتە لە فەرهەنگ یەک وشە هەیە و وشەکەی تر بەهۆی ئامرازی نەرێکردنەوە دروست بووە، بۆ نموونە:

**خۆش مەزەی، ناخۆش ئەدای شیرین کەلامی ترشڕوو**
**دڵبەرەی عیشوەگەرەی جەورئاوەرەی جادووگەرم** ل١٤٠

لەم دێڕە شیعرەی سەرەوە دژیەکی نەرێنی هەیە، کە بەهۆی ئامرازی نەرێکردنی (نا) دروست بووە، وشەکانی (خۆش- ناخۆش) لە فەرهەنگ یەک ڕەگیان هەیە و بەهۆی نەرێکردنەوە ئەم حاڵەتە دروست بووە. وشەی (خۆش) کە وشە ئەرێنییەکەیە لە فەرهەنگدا هەیە.

**- جۆرەکانی دژیەک بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن:**

**أ- دژیەکی ناوی:** ئەم جۆرە دژیەکە ئەوەیە هەردوو وشەکان (ناو) بن، بۆ نموونە:

**بۆ ئەو کەسەی عاشق بێ، فەرقی نییە: کوڕ، یا: کچ**
**هەرچەندە کە مەعلوومە، فەرقی چییە: کوڕ، یا: کچ** ل٨٩

لەم دێڕە شیعرە وشەکانی (کوڕ-کچ) دژیەکی ناویان دروست کردووە، ئەم دوو وشانە هەردووکیان ناون.

**ب- دژیەکی کاری:** ئەم جۆرە دژیەکەیە کە هەردوو وشەکان (کار) بن، بۆ نموونە:

**ڕێم بە گوڵزارت تەڵەب کرد، ئەو شەوە فەرمووت: نەیێ**
**یەک نەفەس بێت و بچێ، لەم باخە موختارە ئەدەب** ل٦٩

لەم دێڕە شیعرە وشەکانی (بێت- بچێ) لە نیوەدێڕی دووەم دژیەکی کارییان دروست کردووە، ئەم دوو وشانە کارن.

**ج- دژیەکی هاوەڵناوی:** ئەم جۆرە دژیەکە ئەوەیە هەردوو وشەکان (هاوەڵناو) بن، بۆ نموونە:

**ئیعجازی هەچی بووبێ، مەسیحا لە کەم و زۆر**
**ئەمڕۆ لە لەبی تۆ، بەچە تەرساوە، سەری کرد** ل٩٤

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی (کەم- زۆر) لە نیوەدێڕی یەکەم دژیەکی هاوەڵناوییان دروست کردووە، هەردوو وشەکە هاوەڵناون.

**٣.٢. تەوەرەی دووەم: تێلنیشان (التلمیح)**

بریتییە لە هونەرێکی تری جوانکاری و سەر بە جوانکاریی واتاییە، لە ئاخاوتن و نووسینی دەق و دەقی شیعریدا گرنگییەکی زۆری هەیە و هۆیەکی بەهێزە بۆ دەوڵەمەندکردنی دەربڕینەکە. بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکی گرنگییەکی زۆری پێ دراوە. ئەوەیە کە شاعیر و نووسەر لە دەق و دێڕە شیعرەکەیاندا ئاماژە بە دەربڕین و دەقی تر دەکەن، کە خۆی لەمانە دەبینێتەوە (ئایەتی قورئان، فەرموودەی پێغەمبەر، ڕووداوێکی مێژوویی، پەندی پێشینیان، یاخود کەسایەتییەکان... هتد) هەر شتێکی تر کە ناسراو بێت. لەبارەی تێلنیشانەوە وتراوە: «ئەوەیە لە چوارچێوەی قسەدا پەندێکی پێشینان، یان شیعرێکی دەگمەن، یان چیرۆکێکی ناسراو دەستنیشان بکەین بەبێ ئەوەی خۆیان بهێنینەوە». (النودی، ٢٠٠١، ٢٣١). واتە ئاماژە بە پەندێک، یان چیرۆکێک بکات، یان شیعرێک. هەروەها تێلنیشان زۆر لەوە فراوانترە و ئاماژەدانە بە هەر بابەتێک کە گرنگیی هەبێت و خوێنەران بەهۆی ئەو ئاماژەدانە کورتە، تەواوی ڕووداوەکانی پشت ئەو شتەیان بیر دێتەوە.

١. **تێلنیشان بۆ ئایەتی قورئان:** ئەم جۆرە بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر بۆ، یاخود ئایەتێکی قورئان، بۆ نموونە:

**با خولدی بەرینت پڕ بێ لە غیلمان و لە حۆری**
**باوەڕ مەکە ببێ وەک تۆ، سوورەتی مومتاز** ل١٢١

لە نیوەدێڕی یەکەم شاعیر وشەی (خولد)ی بەکار هێناوە، کە ئەمیش تێلنیشانە بۆ ئایەتی قورئان، بۆ نموونە لە سوورەتی (الفرقان)دا لە ئایەتی (١٤)دا خوای گەورە دەفەرموێت: «قل أذلک خیر أم جنة الخلد التی وعد المتقون کانت لهم جزاء و مصیرا»، کە تیایدا وشەی (خلد) هاتووە. هەروەها وشەی (غیلمان)ی بەکار هێناوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (٢٤)ی سوورەتی (الطور)، کە لەو سوورەتەدا هاتووە «ویتوف علیهم غلمان لهم کأنهم لؤلؤ مکنون». شاعیر زۆر بەجوانی ئەم تێلنیشانەی دروست کردووە. هەروەها وشەی (حۆری)یشی بەکار هێناوە، کە لە قورئاندا لە چەندین سوورەت و ئایەت ئاماژە بە (حور) کراوە، بۆ نموونە لە ئایەتی (٧٢) لە سوورەتی (الرحمن) خوا فەرموویەتی «حور مقصورات فی الخیام». یاخود لە ئایەتی (٢٢) لە سوورەتی (الواقعة) خوا فەرموویەتی «و حور عین». وە لە چەندین ئایەتی تریش وشەی حۆری هاتووە و شاعیر لەم دێڕە تێلنیشانی کردووە بە ئایەتەکانی قورئان.

**٢. تێلنیشان بۆ موعجیزەی پێغەمبەر. بۆ نموونە:**

**هەر کەس کە توانای نەززارەیی مەهی ڕووی بێ حەققا بەنەزەر موعجیزەی ((شەققولقەمەری)) کرد** ل٩٤

لەم دێڕە شیعرە تێلنیشان هەیە بۆ ئەو ڕووداوەی کە پێغەمبەر مانگی لەت کردووە، لەتبوونی مانگ یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر و موسڵمانان باوەڕیان پێی هەیە، ئەم موعجیزەیە بەر لە کۆچی (محەمەد) لە شاری مەککە ڕووی داوە، کاتێک بێباوەڕان داوا لە پێغەمبەر دەکەن نیشانەیەکیان پیشان بدات بۆ ڕاستیی پێغەمبەرایەتییەکەی، ئەویش داوا لە خودا دەکات و خوداش مانگ دەکات بە دوو بەشەوە.

**٣. تێلنیشان بۆ ئەفسانە و بابەتی خورافات، بۆ نموونە:**

**((ئەدەب)) نەشکێ دەماغت، گەر لە گوڵشەن دا ڕەقیبت دی سوپەر بۆ تیری چەشمی بەد، سەری خەر زیبی بوستانە** ل٨٧

(سەری خەر زیبی بوستانە) تێلنیشانە بۆ ئەو قسە و خورافاتە کۆنەی کە لە قەدیم بۆ چاوەزاریی بێستان سەری گوێدرێژیان بە دارێکەوە هەڵدەواسی، ئەدەبیش ڕەقیبی بە سەری کەر چواندووە، ئەدەب بە خۆی دەڵێت خەمبار مەبە ئەگەر ڕەقیبت لەناو گوڵزار بینی، چونکە لە کۆنیش سەری کەریان وەکوو چاوەزار لەناو باخ و بێستانەکان بەکار هێناوە.

**٤. تێلنیشان بۆ حیکایەت و چیرۆکی ئەڤینی، بۆ نموونە:**

شۆخی تەرسابەچەیەک غارەتی دین و دڵی کرد
نە دڵی هێشت و نە تاقەت نە قەرارم بە خودا ل١٧

تێلنیشان هەیە بۆ حیکایەتی (شێخی سەنعان) کە بۆ کچە گاورێک لە ئیسلام وەرگەڕا. شێخی سەنعان یەکێکە لە بەرهەمەکانی (فەقێ تەیران) کە بەسەرهاتی شێخێکی موسڵمان دەگێڕێتەوە، بەپێی داستانەکە، شێخی سەنعان چەندین شەو لەسەر یەک لە خەویدا کچێکی گاور دەبینێت، کە زۆر جوانە و کچە میری گاورانە. ئیتر لە واقیعدا دەڕوات تا ئەو کچە دەدۆزێتەوە و دەیبینێت و عاشقی دەبێت، دواتر لەلای دەمێنێتەوە و دەچێتە سەر دینی ئەو.

### ٣.٣. تەوەرەی سێیەم: پێچان و کردنەوە (اللف و النشر)

بریتییە لە هونەرێکی جوانکاریی واتایی، کە تیایدا شاعیر چەند وشەیەک دەهێنێتەوە، بە شێوەیەک لە سەرەتادا دوو وشە یان زیاتر دەهێنێتەوە، پاشان لە بەشێکی تری نیوەدێڕەکە، یاخود لە نیوەدێڕی دووەمدا دوو وشەی تری پەیوەندیدار بە وشەکانی سەرەتا دەهێنێتەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە، بەمەش شاعیر لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان وشەکان جوانییەکی سەرنجڕاکێش دروست دەکات. «ئەوەیە کە سەرەتا چەند شتێک بەدوای یەکتردا بێنی و پێچانەکە دروست بکەی، دواتر هەندێ وشەی تر دێنی، جا چ بە شێوەی ڕێک، یان نارێک ئەم پێچانە بکەیتەوە». (عومەر ٢٠١٩: ٣٥٥). واتە سەرەتا پێچانەکە دروست دەبێت، دواتر شاعیر کرانەوەکە دەکات، کەواتە ئەم هونەرە دوو جۆری هەیە:

**١- پێچان و کردنەوەی ڕێک:** «ئەوەیە شاعیر چەند وشەیەک لە نیوەدێڕی یەکەم دەهێنێت، دواتر بەڕێکی چەند وشەیەکی تر لە هەمان نیوەدێڕ یان نیوەدێڕی دووەم دێنێتەوە، کە پەیوەندییان بە وشەکانی سەرەتاوە هەیە». (فیود ٢٠١٥: ٢١١). لە جۆری یەکەم شاعیر سەرەتا دوو وشە یان زیاتر دەهێنێت، دواتر لەدوای ئەوانەوە دوو وشەی تر یان زیاتر دەهێنێت و بەڕێکی وشەکان بۆ یەکتر دەگەڕێنەوە، واتە ئەو پێچانەی کە دروست بووە دەکرێتەوە. بۆ نموونە:

**شوعلەی ڕوخت و تیرەگیی زوڵفی سیەهفام مەهتابە، کە تێکەڵ شەوی یەڵدایە لە باڵات** ل٧٤

لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر وشەکانی (ڕوخ و زوڵف)ی هێناوە، دواتر لە نیوەدێڕی دووەم وشەکانی (مەهتاب و شەوی یەڵدا)ی هێناوە، ئەم وشانە بە شێوەیەکی ڕێک ڕیز کراون، شاعیر پەیوەندییەکی جوانی لەنێوان ڕووی یار و مانگەشەو دروست کردووە، هەروەها زوڵفی یاری بە شەوی یەڵدا داناوە لە درێژی و تاریکی کە واتای ڕەشاییە. بەمەش پێچان و کرانەوەی دوویی ڕێک دروست بووە.

**٢- پێچان و کردنەوەی ناڕێک:** لە جۆری دووەم شاعیر سەرەتا دوو وشە یان زیاتر دەهێنێت، دواتر بە شێوەیەکی ناڕێک لە دوای ئەوانەوە دوو وشەی تر یان زیاتر دەهێنێت و بەناڕێکی وشەکان بۆ یەکتر دەگەڕێنەوە، واتە «وشەکانی بەشی دووەم بەڕێکی بۆ وشەکانی بەشی یەکەم ناگەڕێنەوە». (فیود ٢٠١٥: ٢١١). بۆ نموونە:

**شەو لەبەر سۆزی دەروون و ئەشکی دیدەم، نازەنین لایەکی: ئاوی ڕەوان و لایەکی: نارە ئەدەب** ل٦٩

لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر وشەکانی (سۆزی دەروون و ئەشکی دیدەی)ی هێناوە، دواتر لە نیوەدێڕی دووەم (ئاوی ڕەوان و نار)ی هێناوە، ئەم وشانە بە شێوەیەکی ناڕێک ڕیز کراون، بە جۆرێک سۆزی دەروون و نار، هەروەها ئەشکی دیدە و ئاوی ڕەوان، بەمەش پێچان و کرانەوەی دوویی ناڕێک دروست بووە. شاعیر سۆزی دەروونی خۆی وەک گەرمیی ئاگر داناوە، هەروەها فرمێسکی چاوەکانیشی وەکوو ئاوی ڕەوان.

### ٣.٠٤ تەوەری چوارەم: ڕوونکردنەوە (التفسیر)

هونەرێکی جوانکاریی واتاییە، بریتییە لەوەی کە شاعیر لە سەرەتای دێڕەشیعرەکەدا شتێک یان بابەتێک دەخاتە ڕوو، دواتر لە بەشەکانی تری شیعرەکە زیاتر لەسەر ئەم شتە دەدوێت و بابەتەکە بە درێژتر ڕوون دەکاتەوە، ئەم هونەرە زیاتر لە شێوەی پرسیار و وەڵام دەردەکەوێت. «بریتییە لەوەی شاعیر، یان نووسەر دوای ئەوەی باس لە شتێکی دیاریکراو دەکات، دواتر پرسیار بۆ شتەکە دروست دەکات و بە وەڵامی پرسیارەکە شتەکە چاکتر ڕوون دەکاتەوە». (عەبدوڵڵا ٢٠١٣: ١٤٢). واتە هەر خۆیان پرسیار دەکەن و هەر خۆشیان وەڵام دەدەنەوە، یاخود بێ ئەوەی پرسیار بکەن، شتێک ڕوون دەکەنەوە کە پێشتر باسیان کردووە، بەم کارەش هونەری ڕوونکردنەوە دروست دەبێ. بۆ نموونە:

**دەگەڵ ئەو یارە هەموو شەو، بە ((ئەدەب)) عەیش و نەشات ڕادەبوورد، چۆن؟ بە شەراب و نەی و غەوغا و قەواڵ** ل١٣١

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەم باسی ئەوە دەکات کەوا هەموو شەوێک لەگەڵ یارەکەی چۆن کاتی بەسەر بردووە، بەڵام تەواوی ناکات و لە نیوەدێڕی دووەم خۆی پرسیار لە چۆنیەتیی ئەو ڕابواردنە دەکات و دەڵێت چۆن؟ دواتر وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و دەڵێت: بە شەراب و نەی و غەوغا و قەواڵ، بەخۆشی و شادی و مەی و مۆسیقا و هەڵڵا و بەزم، واتە بە کۆمەڵێک شتی خۆش کاتەکەیان بەسەر بردووە. باس لە چۆنیەتیی بەسەربردنی ئەو هەموو شەوانە دەکات کە لەگەڵ یارەکەی بەسەری بردوون.

### ٣.٥. تەوەری پێنجەم: زیادەڕۆیی (المبالغة)

ئەم هونەرەش یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، لە شیعری شاعیرانی کلاسیک زۆر هەستی پێ دەکرێت. بریتییە لە باسکردن و وەسفکردن و خستنەڕووی بابەتێکی دیاریکراو لە دێڕەشیعرێکدا بە شێوەیەکی نائاسایی، کە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدا دەکرێت و بابەتەکە لە خەیاڵی بوون نزیک دەبێتەوە. «ئەوەیە کە قسەکەر باس و وەسفی شتێک دەکات کە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە و بگرە زۆر جار مەحاڵە». (جماعة من أساتذة البلاغة بێ ساڵ: ٢٨٨). باسکردنەکان زۆر دوورن لە ڕاستی و هۆش و عەقڵی مرۆڤی ئاسایی ئەم جۆرە باس و وەسفە قەبووڵ ناکات. بۆ نموونە:

**شەهدی دەمی، قەدری نەباتی نەهێشت**
**وەک لە لێوی، لەززەتی کەوسەر شکا ل٥٧**

لەم دێڕەشیعرەدا زیادەڕۆییەکی زۆر هەیە، ئاوی دەمی مرۆڤ ئاساییە و بگرە لەوانەیە تام و بۆنیشی ناخۆش بێ، بەڵام شاعیر ئەوەندە زیادەڕۆیی کردووە و وتوویەتی قەدر و قیمەتی قەند (شەکر)ی نەهێشت لە شیرینیدا، کەچی لە ڕاستیدا وا نییە و هەموومان دەزانین قەند چەند شیرین و بەتامە، لە نیوەدێڕی دووەمیش زیادەڕۆییەکە زیاتر دەبێت و (ئاوی کەوسەر) کە لە قورئان باس کراوە چەندە بەتام و بەلەززەتە، شاعیر دەڵێت: بە لێوەکانی لەززەتی ئاوی کەوسەری شکاند، ئەمەش ئەوپەڕی زیادەڕۆییە!

### ٣.٦. تەوەری شەشەم: جوانیی بایس (حسن التعلیل)

جوانیی بایس بە یەکێک لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی دادەنرێت، بریتییە لەوەی شاعیر باس لە ڕووداوێک یان دیاردەیەکی سروشتی، یاخود هەر بابەت و دیاردەیەکی تر دەکات، بەڵام لە هۆکاری ڕاستەقینەی ڕوودانی دیاردەکە دوور دەکەوێتەوە و خۆی هۆکارێکی تری بۆ دادەنێت، و بە هیچ شێوەیەک ئەو دیاردەیە بە هۆکاری ڕاستەقینەی خۆی نابەستێتەوە. «ئەویش بەوە دروست دەبێت کە لە دێڕەشیعرێکدا هۆیەکی ڕاستەقینە بۆ دیاردەیەک هەبێت، بەڵام شاعیر بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوە ئەو هۆیە ڕاستەقینە پشتگوێ دەخات و هۆیەکی دیکەی بۆ دادەتاشێت». (ئەحمەد ٢٠٠٩: ٥٢). واتە ئەو هۆیە ڕاستەقینەیە وەلا دەنرێت و شاعیر خۆی هۆیەکی تری بۆ دادەنێت. بۆ نموونە:

**تا بەڵکە وەک ئەبرۆ و ڕوخی تۆی بنوێنێ**
**گەردوون مەهی وەک قەوس و دەمێ وەک سپەری کرد ل٤٧**

لەم دێڕەشیعرەدا شاعیر هۆکارێکی تری خستووەتە پاڵ شێوەکەوانەیی و جوانییەکەی مانگ، هۆکارەکەش ئەوەیە تا بە جوانی و درەوشاوەیی یارەکەی بگات، شاعیر برۆی یارەکەی کەوانی بووە و ڕوخساریشی ئەوەندە درەوشاوە و جوان بووە، کە وای لە شاعیر کردووە مانگ بە یارەکەی بچوێنێت. کە ئەمەش دوورە لە ڕاستییەوە، هۆکارە ڕاستەقینەکە ئەمەیە: مانگی یەکشەوە خۆی شێوەکەی وایە و کەوانەییە، هیچ پێوەندیی بە برۆی یارەوە نییە، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و تا دەبێتە مانگی چواردەشەوە، مانگ بەتەواوی پڕ دەبێت و زۆر درەوشاوە و جوان و ڕازاوە دەبێت، کە ئەمەش دیسانەوە پێوەندیی بە ڕوخساری یارەوە نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی سروشتییە. بەمەش هونەری جوانیی بایس دروست بووە.

### ٣.٧. تەوەری حەوتەم: بەرامبەری (المقابلة)

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی و شاعیران بە مەبەستی جوانکاری و ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان ئەم هونەرەیان بەکار هێناوە. (عەزیز گەردی) لەم بارەیەوە دەڵێت: «بەرامبەری وەکوو دژیەک وایە، یاخود خۆی دژیەکە، ئەوەندە هەیە جۆرە دژیەکێکی تایبەتییە، لە دژیەک تەنیا یەک وشە دێت و دژەکەی بەشوێنەوە دەهێنرێ، بەڵام لە بەرامبەریدا وا نییە، بەڵکوو لە پێشاندا چەند وشەیەک دێنێ ئینجا بە ڕێکی یەکە یەکە دژەکانیان دێنێت». (گەردی

١٩٧٥: ٧٤). کەواتە لە دژیەک وشەیەک دێت و دواتر دژەکەی بەدوایەوە دێت، بەڵام لە بەرامبەری سەرەتا دوو یان زیاتر لە وشەکان دێن، پاشان دژەکانیان دێن، وە عەزیز گەردی لە پێناسەکەیدا تەنها ئاماژەی بە بەرامبەری ڕێک کردووە، کە جگە لەوە بەرامبەری ناڕێکیش هەیە. «ئەوەیە سەرەتا وشەکان دێن، دواتر لە بەرامبەریدا وشە دژەکانیان دێنەوە جا بە شێوەی ڕێک بێت، یاخود ناڕێک». (شێخ ئەمین ١٩٨٧: ٥٠). بەو واتایەی کە سەرەتا دوو وشە، یان زیاتر دێن، لەدوایدا وشەکانی تر دێنەوە، جا بە شێوەی ڕێک بێت، یاخود ناڕێک.

کەواتە ئەم هونەرەش دوو جۆری هەیە، ئەوانیش (بەرامبەری ڕێک- بەرامبەری ناڕێک).

**أ. بەرامبەری ڕێک:** لەم جۆرەدا وشەکانی بەشی دووەم بە ڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەم دێنەوە، بۆ نموونە:

**کوڕ بۆ دەمی (فەروەردین)، کچ بۆ چلەی هاوین**
**کچ: بەهمەن و کچ: تشرین، گەرما کوڕ و سەرما: کچ ل٩٠**

لەم دێڕەشیعرەدا چەند حاڵەتێکی بەرامبەری هەیە، بەڵام لە هەموویان جوانتر کۆتاییی نیوەدێڕی دووەمە، شاعیر سەرەتا وشەکانی (گەرما و کوڕ)ی هێناوە، لەبەرامبەر ئەو دوو وشەیەدا دژەکانی هێناوە (سەرما و کچ)، بەمەش بەرامبەری ڕێک دروست بووە. هەریەک لە کوڕ و کچی بەسەر مانگەکان دابەش کردووە، فەروەردین یەکەم مانگی بەهارە، مەبەستی نەورۆز (خاکەلێوە)یە، بەهمەن مانگی دووەمی زستانە، لای خۆمان دەبێتە ڕێبەندان، و تشرینیش مەبەستی مانگی یەکەم و دووەمی پایزە، ڕەزبەر و گەڵاڕێزان دەگرێتەوە.

**ب. بەرامبەری ناڕێک:** ئەوەیە کە وشەکانی بەشی دووەم بە ناڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەم دێنەوە، بۆ نموونە:

**چەندت بەمە شیرینە، سەحەرگاهی ویساڵت**
**سەد چەندە، شەوی هیجری لێوی تۆ، بەمە تاڵە ل ٢٠٢**

لە نیوەدێڕی یەکەم شاعیر وشەکانی (شیرین- سەحەرگاهـ- ویساڵ)ی هێناوە، دواتر لە نیوەدێڕی دووەم وشە دژەکانی لە بەرامبەردا هێناوەتەوە بە ناڕێکی (شەو- هیجر- تاڵ)، ئەم وشانەش دژیەکن بەمەش هونەری بەرامبەری ناڕێک دروست بووە. مەبەستی شاعیر ئەوەیە ویساڵی یارەکەی چەندە خۆش و شیرینە، لە هەمان کاتدا شەوانی هیجر و دووریی لێوی یارەکەی سەد ئەوەندەی ئەو شیرینییە تاڵە و پڕ ئازارە.

### ٣.٨. تەوەری هەشتەم: جێگۆڕکێ (العکس)

هونەرێکی جوانکاریی واتاییە، لە زمانی عەرەبیدا (العکس) و (التبدیل)ی بۆ بەکار دەهێنرێت، شاعیرانی کلاسیک زۆر جار ئەم هونەرەیان بەکار هێناوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی سەرەتا دوو وشە، یان دوو گرێ، یان دوو ڕستە بە دوای یەکدا بهێنی، لە پاشاندا ئەو دوو شتانە شوێنیان بگۆڕیت. واتە وشەکانی یەکەم و دووەم دەبن بە دووەم و یەکەم، بۆ نموونە ئەگەر (شەو و ڕۆژ) بەدوای یەکدا هاتن، لە دوایدا دەبێت بە (ڕۆژ و شەو). (خەتیبی قەزوینی) لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەوەیە سەرەتا دوو وشە یان زیاتر بهێنی، لە جاری دووەم شوێنی وشەکان پاش و پێش بکەیت». (فیود، ٢٠١٥: ١٦٩). واتە شوێنی وشە و گرێ و ڕستەکان پێچەوانە بکەیتەوە. بۆ نموونە:

**بەبێ تۆ، کوڵخەنە: گوڵشەن، لە گوڵشەن بۆیە بێزارم**
**بەیادت گوڵشەن و کوڵخەن، لەلای من هەردوو یەکسانە ل ٢١٠**

ئەگەر سەیری ئەم دێڕە بکەین، دەبینین جێگۆڕین هەیە، شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەم وشەکانی (کوڵخەن و گوڵشەن)ی هێناوە، دواتر لە نیوەدێڕی دووەم شوێنی وشەکان پێچەوانە بۆتەوە و پاش و پێش خراوە، (گوڵشەن، کوڵخەن)، بەمەش جێگۆڕین درووست بووە. شاعیر بەبێ یارەکەی ئەگەر لەناو گوڵ و گوڵزاریش بێت بۆ ئەو ناخۆشە و لێی بێزارە، بەڵام ئەگەر لە یادی یارەکەی بێت، هیچ خەم و خەفەتی نییە و هەموو شوێنێک بۆ ئەو گوڵ و گوڵزارە.

### ٣.٩. تەوەری نۆیەم: خۆگێلکردن (تجاهل العارف)

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، شاعیر بە شێوازێکی جوانی ئەدەبی و دوور لە قسەکردنی ئاسایی مەبەستێک، یاخود هەواڵێک لە شێوەی پرسیارێکی جوان دەگەیەنێت، وا خۆی پیشان دەدات کە لەو شتە بێئاگایە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی ئاگاداری ئەو شتەیە. «ئەوەیە شاعیر خۆی بێئاگا بکات لەوەی کە دەیزانێ، بۆ شتێکی تر بچێ بۆ بەدەستهێنانی سوودێک وەک تانە و پێهەڵگوتن» (گەردی، ٢٠١٣: ٣٦٥). شاعیر بە مەبەستێکی دیاریکراو خۆی لە شتە ڕاستەکە گێل دەکات.

ئەدەب دەڵێت:

**کۆمەڵێ خاڵن وەدەرکەوتن لەو تەختی سینەدا**
**یا نوما یان عیقدی پەروینن لە شوعلەی ماهتاب** ل٦٧

شاعیر لەم دێڕە شیعرە هونەری خۆگێلکردنی بەکار هێناوە، لەکاتێکدا دەزانێت ئەوە خاڵەکانی یارە و لە سینەی دەرکەوتوون، کەچی بە مەبەستی جوانی و سەرنجڕاکێشانی خوێنەران، خۆی لە گێلی دەدات و دەڵێت: ئایا ئەوانە خاڵن وەدەرکەوتوون، یان ئەستێرەکانی کۆ و تەرازوون لە بەرانبەر تیشکی مانگەشەو خۆیان دەنوێنن. بەمەش لێکچواندنێکی زۆر جوانی درووست کردووە. کەچی خۆشی دەزانێ کە ئەمانە خاڵی یارەکەیەتی.

### ٣.١٠. تەوەری دەیەم: دەسپێکی دڵگیر (براعەی المطلع)

هونەرێکی جوانکاریی واتاییە، لە عەرەبیدا ئەمانەی پێ دەوترێت (براعەی المطلع) و (براعەی الاستهلال). ئەم هونەرە بریتییە لەوەی شاعیر دەسپێکی هۆنراوەکەی بە دێڕە شیعرێکی زۆر جوان و پڕ واتا دەست پێ دەکات، کە زۆر جار لە شێوەی وتەیەکی بەهێزدایە، یاخود بە شێوەیەکە مەبەستی تەواوی شیعرەکە لەخۆی کۆ دەکاتەوە، بەو واتایەی کە تەواوی شیعرەکە هەمووی لەدەوری دێڕی یەکەم دەسوڕێتەوە. «ئەوەیە دێڕی یەکەم بە هۆیەک لە هۆیەکان زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ببات کە هۆنراوەکە باسی چی دەکات، دەبێ وشەکان ناسک و دەربڕینەکان جوان و بەهێز بێت» (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٨١). ئەم هونەرەش شاعیرانی کلاسیک لە بەشێکی شیعرەکانیاندا بەکار یان هێناوە.

بۆ نموونە:

**ئەی حەددی کیبریات، وەرای فەهمی ماسیوا**
**وەی حەسری ئیعتیلات لە وەهمی مە ماوەڕا** ل٤٣

ئەم دێڕەی سەرەوە دێڕی یەکەمی یەکێک لە شیعرەکانی (ئەدەب)ە، لەم دێڕەدا ئاماژەیەک هەیە کە بابەتی شیعرەکە باس و وەفسی خوایە و زۆر بەجوانی و بە وشەی بەرز دەست پێ دەکات، وشەی بەهێز و پڕ واتا لەخۆی دەگرێت، وەکوو (حەددی کیبریات، وەرای فەهمی ماسیوا، ئیعتیلات)، کە هەموویان شیاون بۆ وەفسی خوا. ئەی ئەو زاتەی ئاستی گەورەییت لە سەرووی تێگەیشتنی ئێمەومانانەوەیە، ئەو شتانەی بچووکی وەکوو ئێمە لەبارەی تووە بۆی دەچین، زۆر لەوە کەمترە کە تۆ بوونت هەیە و چۆنیت. لەم دێڕە شیعرەدا ڕاستەوخۆ تیشک نەخراوەتە سەر ئەوەی هۆنراوەکە باسی خوای گەورە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیەک هەیە کە تەواوی مەبەستی هۆنراوەکە بوون و گەورەیی خوای باڵادەستە. بەگشتی دێڕەکە مەرجەکانی دەسپێکی دڵگیری تێدایە.

### ٣.١١. تەوەری یازدەیەم: کۆکردنەوە (الجمع)

هونەرێکی تری جوانکاریی واتاییە، شاعیر کۆمەڵێک شتی لێک نزیک و پێوەندی پێکەوەهەبوو لە دێڕێک، یاخود نیوەدێڕێک کۆ دەکاتەوە، ئەم کۆکردنەوەیەش جوانییەکی ناوازە بە شیعرەکە دەبەخشێت. «ئەوەیە بوێژ حوکمێ بۆ چەند شت بەیان بکات». (ئیبراهیمی، ١٣٣٤: ٧٤). واتە شاعیر، یان کەسی قسەکەر یەک حوکم و بڕیار بۆ کۆمەڵێک وشە دادەنێت، وشەکان لەژێر سێبەری یەک شت کۆ دەکاتەوە. بۆ نموونە:

**تووڕەیی شەوڕەنگ و خەتی سەبز و زوڵفت کافییە بۆ عەزابی مە، چە لازم، بەند و زنجیر و تەناب ل٦٢**

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەم سێ شتی هێناوە و دەڵێت بۆ ئازار و ئەشکەنجەدانی من ئەوانە بەسە. («طورە»ی شەوڕەنگ - خەتی سەبز - زوڵف). ئەم سێ شتەی پێکەوە کۆ کردووەتەوە لەژێر حوکمی وشەی (عەزاب)، هەروەها لە کۆتاییی نیوەدێڕی دووەمیش سێ شتی تری پێکەوە کۆ کردووەتەوە، کە ئەم سێ شتەش هۆکاری عەزاب و بەندکردن و ئازاردانن، (بەند - زنجیر - تەناب). بەمەش هونەری کۆکردنەوە درووست بووە.

**٣.١٢. تەوەری دوازدەیەم: دابەشکردن (التقسیم)**

ئەمەش هونەرێکی جوانکاریی واتاییە. لە عەرەبیدا پێی دەوترێت (التقسیم)، کە شاعیر باسی دوو شت یان زیاتر دەکات، دواتر هەر یەکەی بە جیاوازی باسی دەکاتەوە. «بریتییە لە باسکردنی چەند شتێک، دواتر بە جیا بۆ هەر شتەی شتی تر زیاد بکەی». (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٣: ٩٥). بەو واتایەی کە نووسەر، یان شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەم دوو شت یان زیاتر باس دەکات، دواتر بۆ هەر یەکەیان شتی تر زیاد دەکات و باسیان دەکاتەوە. بۆ نموونە:

**ڕوومەتت بەدری مونیرە، پەرچەمت وەک مشکی ناب لەو: خەجەل ما ئافتاب و لەم: شکا، قەدری گوڵاب ل٦٢**

لە نیوەدێڕی یەکەم شاعیر سەرەتا وشەکانی (ڕوومەت - پەرچەم)ی هێناوە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا ڕوومەتی یار بۆ (ئافتاب) و پەرچەمیش بۆ (گوڵاب) دابەش کراوە، بەمەش هونەری دابەشکردن بەرهەم هاتووە. شاعیر بە یارەکەی دەڵێت: ڕوومەتت وەک مانگ ڕۆشن و جوانە و پەرچەمیشت وەکوو موشک وایە، دواتر دەڵێت: لەبەر جوانیی تیشکی ڕوومەتت هەتاو (خۆر) خەجاڵەتە و شەرمەزارە، لەبەر بۆنخۆشیی پرچیشت گوڵاو قەدری نەماوە.

**٣.١٣. تەوەری سێزدەیەم: پەندبێژی (أرسال المثل)**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، شێوازێکی بەرز و جوانی هەیە، زیرەکی و لێهاتوویی و دنیابینیی شاعیر نیشان دەدات، شاعیر یەکێک لە دێڕەکانی شیعرەکەی، یاخود نیوەدێڕێکی بە شێوەی پەند و وتە و قسەیەکی جوان دادەڕێژێت. «شاعیر لە هەندێک لە دێڕەکانیدا شتێکی خۆی بێنێت وەکوو پەند و قسەیەکی ئاستبەرز بێت، جیا بێت لە قسەی ئاسایی و قسەی ڕۆژانە، بەمەش دەکرێت وەکوو پەند وەری بگرین». (حجە، ١٩٩١: ١٢٥). کەواتە دێڕە شیعری شاعیر، یان نیوەدێڕێکی وەکوو پەندێک خۆی دەنوێنێت و دەشێت مامەڵەی پەندی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش دەبێتە پەندبێژی لەناو شیعردا.

بۆ نموونە:

**دەفتەری فەزڵ و هونەر، باوی نەما لەم عەهدەدا فازڵ ئەو نادانەیە، ئەمڕۆکە دیناری هەیە ل٢٢١**

ئەم دێڕە شیعرە بە شێوازێکی زۆر جوان و پڕ واتا و پەندئامێز نووسراوە، شاعیر بە شێوەی پەند لەم دێڕە شیعرە دەیەوێت پێمان بڵێت، ڕۆژی هونەر و نووسین نەماوە، ئەو کەسە گەورە و دانا و زانایە و خەڵک بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن کە پارەی هەیە. بەواتای ئەوەی ئەگەر پارەت هەبێت، تۆ هەموو شتێکی. دەشێت مەبەستی ئەوە بێت و ڕەخنە لەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەوکات بگرێت، کە شاعیرانی وەک ئەو و کەسانی ڕۆشنبیر چونکە پارەیان نەبووە، خەڵک ئەو قەدر و قیمەتەی کە شایەنیانە پێیان نەداون و ڕێزیان لە خەڵکی پارەدار و خاوەن سامان گرتووە.

**٣.١٤. تەوەری چواردەیەم: پۆشین (التوریة)**

یەکێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی،

بریتییە لەوەی شاعیر لە شیعرەکەیدا لە یەکێک لە وشەکان پێوەندییەک درووست دەکات لەنێوان دوو شتدا، یەکێکیان واتایەکی دووری هەیە و ئەوەی تر واتایەکی نزیک، بەڵام مەبەست واتا دوورەکەیە. «ئەوەیە کە وشەیەک هەبێت دوو گوزارەی هەبێ، یەکێ دوور، یەکێ نزیک، تۆ بەهۆی نیشانەیەکی پۆشراوەوە دوورەکەت مەبەست بێت». (سەجادی، ١٩٧٨: ٩٢). واتە وشەیەک دوو مەبەستی هەبێت، یەکێکی دوور و یەکێکی نزیک، وە بەهۆی نیشانەیەکەوە مەبەست مانا دوورەکە بێت.

بۆ نموونە:

**کەسێ شەهدی لەبی چەشتی مایل نییە بە شیرینی**
**کەسێ‌شیرین‌نیگاری‌بێ، بەشەککەرهەمسەری‌نادال ٢٤**

لەم دێڕە شیعرەدا پۆشین لە وشەی (شیرین) ە کە دوو مانای هەیە، یەکەم بە مانای شیرین و شیرینی دێت کە مەبەست نییە. دووەم بە مانای (شیرینی ژنی خوسرەو) و خۆشەویستی فەرهاد دێت، کە مەبەست ئەوەیە، بەمەش هونەری پۆشین درووست بووە.

جگە لەو هونەرانەی کە باس کران، (١٠) هونەری تری جوانکاریی واتایی لە شیعرەکانی (ئەدەب)دا بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە ناوی ئەو هونەرانە دەکەین کە لە شیعرەکانیدا بەکار ی هێناوە: (١. خۆلۆمەکردن، ٢. پێکەوەگونجان، ٣. داهێنان، ٤. بادانەوە، ٥. لێکچوونی لایەکان، ٦. کۆتاییی دڵگیر، ٧. ڕوولەوکردن، ٨. فرەواتایی، ٩. دەسپێکی جوان، ١٠. کۆتاییی جوان).

سەربارى هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعرەکانیدا، بەڵام هەندێک هونەری تر هەن کە ئێمە بەرچاومان نەکەوتووە. دەتوانین ئاماژە بە ناوی هەندێک لەو هونەرانە بکەین، بۆ نموونە: (کۆپەند، هاوبڕی، ڕۆچوون، هەڵوەشاندنەوە، گردکردنەوە).

## ئەنجام

١. ئەدەبی شاعیر سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعرەکانیدا، چونکە ئەوەی بەرچاوی ئێمە کەوتووە زیاتر لە چواردە هونەری جوانکاریی واتاییی بەکار هێناوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە شاعیر چەندە گرنگیی بە وشە و ڕوخسار و لایەنی مۆسیقیی وشەکان داوە، بە ئەندازەی ئەوە و بگرە زیاتریش گرنگیی بە لایەنی واتایی داوە.

٢. بەهۆی هونەرەکانی جوانکاریی واتاییەوە، توانیویەتی چەندین ڕووداو و چیرۆک و باسی ئایینی و خورافات و لایەنی کۆمەڵایەتی ...هتد تێکهەڵکێشی دەقە شیعری و دێڕە شیعرەکانی بکات.

٣. لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی هونەرەکانی جوانکاریی واتایی، کە لەناو شیعرەکانیدا دەبینرێت، بەڵام چەند هونەرێکی تر هەن کە بەرچاومان نەکەوتووە، وەک: (کۆپەند، هاوبڕی، ڕۆچوون ...هتد).

٤. دژیەک یەکێکە لەو هونەرانەی کە مانا و مەبەستی جوانی بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیووە، ئەمە جگە لەوەی لە بەشەکانی ئاخاوتندا وشەی جیاوازی بۆ درووستکردنی هونەری دژیەک بەکار هێناوە و خۆی بە یەکێک لە بەشەکانی ئاخاوتن نەبەستووەتەوە.

٥. هونەری تێلنیشان یەکێکە لەو هونەرانەی کە دەقە شیعرییەکانی ڕەنگاوڕەنگ کردووە، چەندەها بابەت لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان بەهۆی ئەم هونەرەوە، لەگەڵ دێڕە شیعرەکاندا تێکهەڵکێش بووە، کە ئەمەش واتایەکی جوانی بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیوە و سەرکەوتوویی شاعیر نیشان دەدات.

## لیستی سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردییەکان

**١. کتێبەکان:**

١. ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٢. ئیبراهیمی، محەممەد سەعید (١٣٣٤)، گەشتی لە زانستی بەلاغە، مەعانی، بەدیع، عەرووز، قافیە، مەهاباد.

٣. سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٨)، خۆشخوانی، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف.

٤. عەبدوڵڵا، د. ئیدریس (٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، هەولێر، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم.

٥. عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٠٣)، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم.

٦. عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٢)، شێواز، هەولێر، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم.

٧. گەردی، عەزیز (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری-البدیع)، هەولێر، چاپخانەی شارەوانی.

٨. گەردی، موحسین ئەحمەد مستەفا (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی، هەولێر، چاپی یەکەم.

**٢. دیوانی شاعیران:**

ئەدەب (١٣٨١)، دیوانی مصباح الدیوان (ئەدەب)، شەرح و لێکدانەوە: محەممەد سەعید نەججاری (ئاسۆ)، ئورومیە، انتشارات صلاح الدین ایوبی، چاپ اول.

ئەدەب (٢٠٠٥)، دیوانی ئەدەب، کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ: محەممەد حەمە باقی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم.

**٣. نامە ئەکادیمییەکان:**

١. فەرحان، مەریوان حوسێن (٢٠١٤)، جوانکاری لە شیعری (وەفایی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢. فەرەج، تریفە محەممەد (٢٠١٦)، دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا و لێکدانەوەیەکی واتایی، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان.

٣. حەسەن، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**٤. گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

عومەر، حەسەن عەلی (٢٠١٩)، ڕەنگدانەوەی ڕەوانبێژی لە هەردوو چامەکەی (نالی و سالم)دا، مجلە جامعە کرکوک للدراسات الانسانیە، المجلد: ١٤، العدد: ١.

**٥. فەرهەنگەکان:**

هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (١٣٦٩ هەتاوی)، هەمبانە بۆرینە. فەرهەنگی کوردی-فارسی، تاران، سروش.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

جارم، علي (٢٠٠٧), البلاغة الواضحة، دمشق، طبع الاخیر.

حجة، تقي الدين ابي بكر (١٩٩١), خزانة الأدب و غاية الأرب، شرح: عصام شعيتو، بيروت، دار و مكتبة الهلال، الطبعة الثانية.

العدوس، يوسف (١٩٩٩), البلاغةوالاسلوبية، اردن, عمان، الاهلية للنشر و التوزيع، الطبعة العربية الاولى.

القران الكريم، صورة الفرقان.

االقيرواني، ابن القيرواني(١٩٩١)، العمدة في محاسن الشعر و نقده. تحقيق: محمد محي الدين الحميد، بيروت، طبعة الخامسة.

فيود، د.بسيونى عبدالفتاح (١٠١٥)، علم البديع، القاهرة، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، الطبعة ٤.

شيخ أمين، د.بكري (١٩٨٧)، البلاعة العربية في ثوبها الجديد، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى.

جماعة من أساتذة البلاغة (بدون سنة)، جواهر البلاغة، مكتب اعداد النصوص الدراسية.

النودي، الشيخ معروف (٢٠٠١)، الجوانب البلاغية، دراسة و تحليل: رؤف عثمان، حكومة اقليم كردستان، وزارة الثقافة المديرية العمة للطباعة و النشر.

### سەرچاوە فارسییەکان:

**١-کتێب:**

وحيديان، کامیار (١٣٩٣)، بدیع از دیدگاه زیبایی شناسی، تاران، انتشارات سمت، چاپ اول.

**الملخص**

يهتم البديع المعنوي بالجانب الجمالي لمعنى الكلمات والتعبيرات، مما يعني أن الزخرفة ترتبط في الغالب بالمعنى، لأن الغرض من هذه الزخرفة هو تجميل وتعزيز المعنى وإظهار معنى عميق وممتع ومثير للاهتمام. يحدث الجمال التجريدي على الجانب الداخلي للكلمات، ويتم هذا الزخرفة من خلال فن الزخرفة التجريدية. و يصل هذا الفن البديعي بمعنى القصيدة أن يكون لها معنى جميل وعميق من جهة، ومن ناحية أخرى تعط نوعا من الشعر للغة. هذا البحث تحت عنوان "البديع المعنوي في اشعار الكوردية لعبدالله به ك مصباح الديوان الادب» هي محاولة لإظهار الفنون الجمالية التي أعطت مظهرا جماليا وفنيا لقصائد الأدب على مستوى المعنى، لذلك هدفنا هو إظهار السمات المختلفة للجماليات التجريدية في سياق الفنون الجمالية المختلفة على مستوى المعنى. تتكون الدراسة من جزأين. وأخيرا، يتم عرض نتائج الدراسة وقائمة المراجع وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.

**الكليمات المفاتحة** : البلاغة، البديع المعنوي، التناقض، التلميح، اللف و النشر.

Abstract

Meaning beautification is concerned with the aesthetic aspect of the meaning of words and expressions, which is mostly related to meaning since the purpose of this decoration is to beautify, enhance the meaning, and display a deep interesting meaning. Abstract beauty takes place on the inner side of word by which decoration is done through the art of abstract decoration. The act of creating poetry should be at a level that it possesses a beautiful and powerful meaning from one perspective, while from another perspective, it should be a type of poetry that is expressed in a language that is accessible.› This thesis titled ‘Semantic Aesthetics in the Kurdish Poems of Abdulla Bag Misbah Adab’ It is an attempt to show the aesthetic arts that have given an aesthetic and artistic appearance to the poems of literature at the level of meaning، so our goal is to show the different features of abstract aesthetics in the context of different aesthetic arts at the level of meaning. The study consists of two parts. Finally, the results of the study, the list of references, and the research summary are presented in both Arabic and English.

Key words: rhetoric, abstract aesthetics, antonym, contradictions, twists and opens.